دژتیرۆر دەستگیرکردنی تیرۆرستێکی لە سنوری گەرمیان راگەیاند

بەڕێوبەرایەتیی گشتیی دژتیرۆر، رایگەیاند کە "تیرۆرستی داواکراوی" لە سنوری گەرمیان دەستگیرکردووە، کە لەسەرۆتای کارو چالاکییەکانی داعشەوە پەیوەندی بە هێکخراوە کردوە و لە چەندین پێگەی ئیداری و سەربازیی کاریکردوە.

بەڕێوبەرایەتیی گشتیی دژتیرۆری کوردستان، ئەمشەو لە ڕاگەیەندراوێکدا باڵاویکردەوە، "پاڵپشت بە زانیاری هەواڵگری ورد و دروست، هێزەکانی بەڕێوبەرایەتیی گشتیی دژتیرۆر لە ئێپراسیۆنێکدا لە سنوری گەرمیان توانیان تیرۆرستێک دەستگیربکەن".

ئاماژەی بۆشکرد، "تیرۆرستی دەستگیرکراو لەسەرۆتای کارو چالاکییەکانی هێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش) پەیوەندی بە هێکخراوە کردووە و لە چەندین پێگەی ئیداری و سەربازیی کاریکردوە".

بەگوترەی ڕاگەیەندراوەکە، داواکراوەکە لەگەڵ براکانیدا دەستیان هەبوە لە کوشتنی چەندین کەس و لەلایەن دادگاکانی عێراقەوە بە پێی ماددەی 4ـی یاسای بەرەنگاربونەوەی تیرۆر داواکراوبوە. پاش

دەستگیرکردنی، هاوەستی دەزگا ئەمنییەکانی عێراق کرایەوە بە مەبەستی سزادانی.